# خزمەتگوزاری کۆنفرانسی گروپی خێزانی

# تایبەت بە خزمەتگوزاری پشتگیری و

# دادگای راوێژکاری خێزان و منالٚ (Cafcass)

**بەیەکەوە کاردەکەین لەپێناو**

**چارەسەرکردنی ناکۆکی خێزانی**

# کۆنفرانسی گرووپی خێزانی چیه؟

کاتێك که دایك و باوك بریاری لەیەك جیابوونەوە یان تەڵاق دەدەن، لەوانەیە منالەکانیان هەست بە لەدەستچوون و توورەیی و خەم و هەتا گوناهباریش بکەن. لەوانەیە کەمتر هەست بەو شتانە بکەن ئەگەر دایك و باوك بە یەکەوە کاربکەن تاوەکو بگەنە ڕێگاچارەیەك بۆ پەیوەندی و ڕێکخستنەکانی شوێنی ژیان.

کۆنفرانسی گرووپی خێزانی دەرفەتێکی نایاب بۆ دایك و باوك و منالّ و ئەندامانی تری خێزان و برادەران دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ یەك دانیشن و باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بکەن. بەستنی کۆنفرانسی گرووپی خێزانی ڕێگایەکە تاوەکو دایك و باوك بۆیان ئاسانتر بێت پلانێك بۆ منالەکانیان دابنێن بە ڕەزامەندی هەردوولا لەجیاتی ئیجرائاتی دادگای تاڵ و گران.

## خۆئامادەکردن بۆ کۆنفرانسەکە

دوابەدوای ڕەوانەکردن لەلایەن راوێژکاری دادگای خێزانی، ڕێکخەرێکی سەربەخۆی کۆنفرانسی گرووپی خێزانی کاتێك بۆ چاوپێکەوتن ڕێك دەخا. "سەربەخۆ" ئەو کەسەیە کە پێشتر لەگەڵ خێزانەکەت کاری نەکردووە. گشت ڕێکخەرەکانی کۆنفرانسی گرووپی خێزانی ڕاهێنانی تایبەتیان وەرگرتووە.

ڕێکخەرەکە یارمەتیت دەدات بریاری ئەوە بدەیت کە کێ بۆ کۆبوونەوەکە بانگ بکەیت و کات و شوێنی کۆبوونەوەکەش دیار دەکات. نامەیەك بۆ هەمووان دەنێردرێت کە کات و شوێنی کۆبوونەوەکە دووپات دەکاتەوە.

بە گوێرەی تەمەن و تێگەیشتنی منالەکەت ڕێکخەرەکە لەوانەیە پرسیاریان لێ بکات لەبارەی ئارەزوو و هەستیان. شتێکی زۆر گرنگە کە منالّ هان بدرێت ئامادەی کۆبوونەوەکە بێ. منالاّن کارکەری پشتگیری کردنیان لەگەلە بەناوی "بەرگری کەر" تاوەکو یارمەتیان بدات بەشدار بن.

## کێ دەبێ ئامادە بێت؟

هەر کەسێك کە بەرای تۆ یارمەتیت دەدات لە دانی بریاری باشتر لەبارەی منالەکانت دەتوانێ ئامادە بێت. ئەمەش لەوانەیە ئەندامێکی خێزان یان هاورێ یان دراوسێ بێت. هەروەها دەتوانی داوای ئامادەبوونی پیشەدارێك بکەیت کە منالەکەت باش دەناسێ (وەکو مامۆستا، سەردانکەری تەندروستی یان کارکەری کۆمەلاّیەتی). ئەمانەش تەنها دەتوانن بیروڕای خۆیان پیشان بدەن بەلاّم بۆیان نیە بریار بدەن لە کۆنفرانسی گرووپی خێزانی. ئەگەر بکرێ هەر کەسێك دەبێ بانگ بکرێت کە منالەکەت بە گرنگ دەبینێ.

# له ڕۆژی کۆنفرانسەکە...

## هاوبەشی کردنی زانیاری

بەشی یەکەمی کۆنفرانسەکە لەبارەی هاوبەشکردنی زانیاریە. ڕێکخەرەکە داوا لەهەموو کەسێك دەکات کە خۆی بناسێنێ. ئەگەر هەر پیشەدارێك ئامادەبوو ئەوا زانیاری دابین دەکات کە یارمەتیت دەدات پلانێك بۆ منالەکەت دیاری بکەیت. دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی پرسیاریان لێ بکەیت.

## کاتێکی تایبەت بۆ خێزان

ئەمە بەشە گرنگەکەیە لە کۆنفرەسەکەدا. خێزان و هاوڕێکانت دەرفەتی ئەوەیان دەبێ کە پلانێك دابنێن. لێرەدا پیشەداران وریێکخەرەکە لە کۆبوونەوەکە دەردەچن، بۆ ئەوەی بتوانرێ:

- باسی ئەو زانیاریانە بکرێت کە پێت دراوە
- لەسەر پلانێك پێك بێن
- ئەرکی هەر کەسێك بریار بدرێت چیە
- باسی ئەوە بکەن چۆن دلنیا دەبین لە کارکردنی پلانەکە
- باسی ئەوە بکەن کێ یارمەتیت دەدات ئەگەر پلانەکە زۆر سەرنەکەوت

تا دەتوانیت کاتی پێویست وەربگرە بۆ باس کردنی ئەم مەسەلانە. هەروەها ڕێکخەرەکە لەتۆوە نزیکە ئەگەر پێویست بوو دەتوانیت داوای پشتگیری لێ بکەیت.

## کۆبوونەوەی ڕێك کەوتن

هەر کە لەسەر پلانێکی خێزانی پێك هاتن، ڕێکخەرەکە پیشەداران بانگ دەکاتەوە بۆ کۆنفرانسەکە. ئینجا ڕێکخەرەکە پلانەکە پیشانی گشت لایەنی ئامادەبوو دەدات. هەروەها تۆ باسی ئەوەش دەکەیت ئایا کۆبوونەوەیەك ڕێك دەخەیت لە 6 تا 8 مانگی داهاتوو بۆ چاوپیاخشاندنەوەی پلانەکە. ئەگەر هەر پشتگیریەك یان خزمەتگوزاریەکت پێویست بوو بۆ ئەوەی پلانەکە سەرکەوتوو بێت، ڕاوێژکاری دادگای خێزانی تایبەت بە تۆ یارمەتیت دەدات بۆ ڕێکخستنی ئەمە.

پیشەداران یان دادگا تەنها ئەو کاتە لەسەر پلانەکە ڕازی نابن ئەگەر باوەڕیان وابوو منالەکەت دەخاتە مەترسیەوە. ئەگەر ئەمە ڕوویدا ڕێکخەرەکە داوات لێ دەکات جارێکی تر سەیری بکەیتەوە.

گشت ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوون لەوانەش منالەکان پلانی خێزانەکە ئیمزا دەکەن. کۆپیەکی پلانەکە دەدرێتە دادگا وەك پلانێکی خێزانی قبول کراو.

# بیرو راکانت

## چۆن دەتوانم بیرو رای خۆم بدەم یان سکاڵا پێشکەش بکەم؟

ئێمە دەمانەوێ بیرو راکانت بزانین لەبارەی کۆنفرانسی گروپی خێزانی. دوای کۆنفرانسەکە فۆرمی بیرو رات پێ دەدرێت بۆ ئەوەی پری بکەیتەوە. تێبینیەکانت یارمەتیمان دەدات لە پەرەپێدانی خزمەتگوزاریەکانمان، بۆیە سوپاسگوزار دەبین ئەگەر چەند دەقیقەیەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم فۆرمە تەرخان بکەیت.

هەروەها ئێمە بەدوای ئەو خێزانانە دەگەرێین کە ئارەزووی قسەکردیان هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی بەنیازی بەستنی کۆنفرانسی گروپی خێزانین و حەزدەکەن لەگەڵ کەسێك قسە بکەن کە بەم ئەزموونە تێپەریوە.

ئەگەر تۆ دلخۆش نیت بە شێوەی رێکخستنی کۆنفرانسەکە دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە بەرێوەبەری خزمەتگوزاری کۆنفرانسی گروپی خێزانی. ئەوان دەتوانن باسی نیگەرانیەکانت بکەن و ئەگەر پێویست بوو یارمەتیت دەدەن لە کردنی سکاڵا بە بەکارهێنانی رێوشوێنەکانی سکاڵای خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و مناڵ.

## پەیوەندی


**Cafcass London region family group conference service:**
**020 7210 4100**



لەمانگی شوباتی ساڵی 2007 لەچاپ دراوەو بڵاوکراوەتەوە لەلایەن Cafcass,
8th Floor, South Quay Plaza 3, 189 Marsh Wall, London E14 9SH